# پروشەکانی عەشق

كەژاڵ ئیبراهیم خدر

1

کە ئاشنات بووم
بەبێ ئاگر گڕم گرت و
لەبەر پێتا توامەوە
هەر زوو زانیم
کانگای عەشق و خۆشەویستی
بە عەشقێکی زۆر شێتانە
لە ناختدا گیرسامەوە

2

من بەر لەوەی تۆ بناسم
لە خەونی چاوەڕوانیدا
تۆم بینیبوو
من بەر لەوەی تۆ بناسم
تامەزرۆی سەمای پەنجەت و
عاشقی رووخساری گەشت و
دووچاری پڕ ئەوینت بووم

3

کە تۆم ناسی
گردێک بووم، بووم بە چیا
کانیەک بووم، بووم بە دەریا

شەوێکی ئەنگوستە چاو بووم
بووم بە گزنگی بەیانی
باڵدارێکی ناو قەفەز بووم
گەڕامەوە بۆ سەر چڵی درەختەکان
بۆ نەغمەی خۆش بۆ گۆرانی

4

یەکەم دیدار میوانێکی نا وەخت بووم
تۆش گڵکۆی پیاو چاکێک بووی
هاتم تاکوو
دوو بەرد بنێم، بەنێو چاوانی پیرۆزتەوە
تاکوو چارەنووسی
ڕۆژانی ڕانەبردووی خۆم
لە نێو (مەرقەدی) باڵاتدا
تاقی بکەمەوە

5

لە ڕۆژەوەی دەستەکانی تۆم ناسیووە
دەستی هیچ شێخێک ماچ ناکەم
هەر بە تەنیا تۆ شێخم بەو
من کچە گاور
هەر بە تەنیا بۆ دەروێشەکەی ڕۆحم بەو
منیش تەکیەی زکر و نزات

6

لە یەکەم دیداری تۆوە
من قەرزاری هەور و زەویم
هەورهات و ڕێگەی ژوانی
تۆی نیشاندام
زەوی بۆنی خۆڵی پێکانی تۆی
پێ ناساندم

7

کاتێ ووشەی ناوتم نووسی
هەموو ووشەکانم لێم زویر بوون
چونکە لە ناو هەموویاندا
بۆ پیرۆزترنیان گەڕام

8

بەڵێنمدا
هەرگیز بۆنی گوڵێ نەکەم
بۆنی وەک هەناسەت نەبێ
لە هیچ ئاوێک نەخۆمەوە
وەک خوێنەکەت شیرین نەبێ
پشوو نادەم
لە ژێر سێبەری چنارێ
بەرز نەبێ بەقەد باڵات
من تیشکی خۆرم هەر ناوێ
ڕووناکیەکەی نەگا
بە جوانی چاوانت و گەشی سیمات

9

دەتۆش وەرە جێم مەهێڵە
دەرگای دڵتم بۆ واڵاکە
با لە ناختا بتوێمەوە
خۆت دەزانی کە ووشک بووم
تەنیا بە عەتری هەناسەت دەژێمەوە